# دەربەدەر لە کازیوەدا

FAYAD JAMIS



## فەیـاد ژامیس

1988-1930

وەرگێرانی لە سوێدییەوە

**رزگار شێخانی**

rizgar_shekani@yahoo.se

**لە مەکسیکۆ لەدایک بووە، بە منداڵی هاتوون بۆ کوبا و لە هاڤانا هونەری شێوەکاریی خوێند. لە ساڵانی پەنجا لە پاریس ژیاوە، لەوی کۆمەڵە شیعری "پردەکان"ی نووسیوە. شیعرەکانی پۆل ئێلواردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی**

**نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر، ئەم شیعرەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. سەرەتای ساڵانی نۆهەت، لە گۆڤاری "پەیڤ"ی لەندەن بڵاوکرایەوە. ساڵی پاریش لە گۆڤاری "کاروان"ی هەولێر، بڵاوکرایەوە.**
**لەوساوە تا ئەمڕۆش، هەمووجاران بە ئەشقێکی زۆرەوە ئەم شیعرە دەخوێنمەوە، شیعرێکە جێگەیەکی تایبەتی لە دڵمدا هەیە. شیعرێکە برینەکانی مرۆڤی دەربەدەر دەکولێنێتەوە.**

ئەم بەیانییە رەنگ سیسە لە پاریس، لەسەر هەردوو شانم دادێ.
دوای ئەم شەوە درێژە، ئازیزمە ئەم شنەبایە.
خەزانە و گەڵاکەوتووەکان لەسەر شەقامەکان خشەخشیاندێ،
لەسەر شۆستەکان لەدەوری سەری سواڵکەرەکان کۆدەبنەوە.
ئەوەتا ئێستاش نووستوون.
ژنێک چوو کڵاوێکی هەڵگرتەوە،
کە لەبەرپێی یەکێک لە نووستووەکان کەوتبوو و
رووخساری ئەوەی پێداپۆشی.
ئەوینی ژنەی بن ئەم پەرۆ رەشە شیتاڵ شیتاڵانە
لە گوڵی بێ ڕەنگی ئەمڕۆ دەچێ، لە کۆتر دەچێ،
کە لەسەر دووکەڵ، کریستاڵ و زیوی " سێن"دا،
باڵ لێکدەدا و هەڵدەفڕێ.

وا پێت دەڵێم. پایزە و وایە کازیوەکەی.
وایە خۆرهەڵاتنەکە. شار مردووە و مرۆ دەتوانێ،
جومگەکانی بجولێنێ و کەس هەست نەکا.
پۆلیسەکان تەپەدۆر لە گوێ نووستوون.
یاسایەکان نووستوون، هەژارەکانیش خەواڵوون و
منیش هەر گورگەلۆقە دەڕۆم.
من یەکەم مرۆڤم لەم رۆژە نوێیەدا،
وەک ئەوەی شار ژنی من بێ،
بینیم رووت نووست و
ئاسمان لە پشتی ئەو لەدایک بوو.
پێتدەڵێم، وایە پاریس.
هەندێجار خەون دەبینم کە بۆ وڵاتێکی مردوو هاتووم
پاش دوا بۆمبا، ئەوسا هیواش مرد.
زۆر تێناگەم، لێ هەستدەکەم وەک "رۆبینسۆن کرۆس"م،
لەم شارە ترسناکە جوانە گەورەیەدا، کە ناوی "پاریس"ــە،
لە چوارلاوە پشیلە دەردەکەوێ: بەیانی باش.
بەرمیلەکانی زبڵ، پڕن لە بووکەشووشەی شکاو،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەرپێ، میوەی بۆگەن و کاغەزی دڕاو.
کاغەزەکان شوونی ڕەشی گەمژەکانی تێدا ماون.
جیهان، شارستانی، هەموویان مردوون.
تەنێ من و پشیلەکان ماوین.
لە نزیک یەکێک لەم پردانە، بۆخۆم خانوویێک هەڵدەبژێرم،
ڕەنگە ئەم پەنجەرە پەردە سوورە،
یان ئەوەی کە خۆی لارکردووە و وەک ئەوەی بیەوێ بەیانی باشم لێبکا.
بەڵام نا. ئەمە راست نییە.
لەودیوی دیوارەکان مرۆڤ هەیە
کە هەناسە دەدا، پڕخەیدێ و خەون دەبینێ.
مرۆڤ، کە ڕەنگە هاوارێکی ونبووی سەردەمێکی بیرهاتبێتەوە.
مرۆڤ، کە ڕەنگە بیر لە مۆدێلی نوێی ئوتومبیل،
لە کاری خۆی، لە خۆشەویستی،
ڕەنگە بیر لە مردن بکاتەوە.

ئەم پەڵەیەی ناوەڕاستی رووبار کارتۆنێکە،
من وامزانی کیسەڵە، وامزانی خنکاوێکە.
ئەمە تەنیا کارتۆنێکی سێ گەڵا لە تەک سەرئاو رۆیە،
وەک سێ دڵی هەنگوینیی زەرد،
وەک سێ پیتی پایزییە.
چۆن دووکەڵ لە جگەرە بەرز دەبێتەوە
ئەوهاش درەخت لە رووبارەکەوە سەر دەردێنێ.
ئێستاش کۆترێک وەک وەک سێبەرێکی سپی سەر ئەم ئاوە لێڵە، باڵ لێکدەدا.
ئاودەسخانەکان وەک هەندێ کڵێسەی " کاستلین" هەمان جوانییان هەیە،
دەچمە ئەوێ و بیر دەکەمەوە،
لای ئازیزم، لای خۆشەویسترین شتم لە جیهاندا،
لای ئەم گاڵایانە پیاسە دەکەم.
چرای هاتووچون رێگە بە پشیلەکان و با دەدا، لە شەقامدا بپەڕنەوە.
لە نێوچەوانی سپی ئەمڕۆدا
ئەستێرە کز تیشک دەدا.

دوێنێ ئێوارە باسی جەنگمانکرد، هەر باسی جەنگ.
لاشەی کەفکەری مردوو، لاشەی مردوو.
لێ، هەموو کەس نازانێ، بۆ نموونە لەم کاتەی رۆژدا،
ئەوکاتەی عەرەبانەی سپیی شیردابەشکەر لەپشت ئەسپی چوارپەل شەکەتە،
ئازادی چەند خۆشەویستە.
کچیکی ئیسرائیلی باسی هەرزەکاری وڵاتی خۆییم بۆ دەکا.
ئەو ئاینی نییە. ئەو "پاریس"ی خۆشدەوێ. ئەو جیهانی خۆشدەوێ.
سبەینێ هەموومان رووخسارمان گەنم رەنگی دەبێ و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به یەک زمان قسە دەکەین.
ئێوە ئەی ژەنەراڵ و بازرگانەکان
ئێوە کە چاویلکەکانتان لە تێل و خۆڵەمێش دروووستکراوە،
ئەگەر حەزیش نەکەن، ئەوا ئەم ژیانە نوێیە،
ئەم مرۆڤە نوێیە، لەسەر جومگەکانتان
لەسەر جومگەکانی من و لەسەر زیخی "نوترێ دام" دا
شارەکانیان درووست دەکەن.

لە یەکەم سەموونخانەی کە دەکرێتەوە، سەموونێکی گەورە دەکڕم،
وەک کە لە وڵاتی خۆشمدا وامدەکرد،
لێ ئێستا، هیچ هاوڕێیەکم لەگەڵدانییە و
ئیدی بیست سالەش نیم.
ئەوسا سێبەرەکان جۆراوجۆر چڕ دەبوون.
دەبوو فیکەم بکێشایە و
نەمدەتوانی کچێکی پرچ زەرد لە خەیاڵم وەدەرنێم.
لێ، ئەوانەم لە دوای خۆم بەجێهێشتن.
ئێستا ئەوە گرنگترە کار بکەم، بۆئەوەی بژیم.
چەند پاسارییەک دەجریوێنن.
گەڵا سیسەکان دەکەون.
لە کەشتی و پردە سپییەکانی رووبارەکە دوور دەکەومەوە،
لەوەدەچێ باڵەخانەکانی بەسەر سەرمدا بڕووخێن.
دوای سەدان ساڵ ئەم خانووانە وێران دەبن و بەرز و نزم دەڕوێنن.
Rue Chat-qui-peche خەیاڵم بۆ مێژووە جگەربڕەکان دەفڕێنێ.
لێ، وا باشترە رێ بکەم، ئەمە کازیوەیە، کازیوە.
دەست لە گیرفانەکانی شەرواڵت، بەردەوامبە، بەردەوام.
دوو قەساب بە تەور کەوتوونەتە سەر گۆلکێک.
ئەمە دیمەنێکی خۆش نییە، لێ هەر حەزدەکەم
بوەستم و تەماشای بکەم.
ئێستا ساڵی 1956 ــە و لە گیانمدا رۆحێکی قەسابیم هەر هەیە.
رەنگە سبەینێ وانەبێ.
رەنگە ئیدی قەساب و جەللادەکان نەمێنن.
ئەم دڵەی من لەیەک کاتدا، خۆی جەللادە و قوربانیشە.
دڵی تۆ، دڵی تۆ بۆ گوڵەبەڕۆژەی نوێ،
دەبێتە گەرد، دەبێتە ئاو، دەبێتە با.
هەر تۆوێک هەنگێکی خەواڵووە.

ئەم رۆژە سیسە سپی بوو، ئێستا زەرد دەنوێنێ.
لوولەی هەندێ سۆبە دووکەڵیان لێ بەرز دەبێتەوە،
لەوەدەچێ تازە ئاگردانییان خۆشکرابێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که خۆر بەقەد گوڵەگەنم لە ئەژنۆبەرزدایە،
سەربازێک بە هەگبەیەکی گرانیی سەفەرییەوە،
بەرەو "گارێ دی لیون"، بەرەو میسر، بەرەو مەرگ ڕەتدەبێ.
ژنێک بۆ سەرکار پاسکیل لێدەخوڕێ.
ئەم ژنە هەموو ڕۆژێ، هەموو ژیانی
بۆ سەرکار پاسکیل لێدەخوڕێ.
لۆرییەک شەراب و هەڵلا و تیشکی کازیوە بارکردوو ڕەتدەبێ.

گەیشتبوومە "بولیڤارد ساینت گێرمەن"، لووتم بە پەنجەرەی کتێبخانەیەکەوە نووساند.
ڕۆژێک فەرهەنگێکی باش، هەموو بەرهەمەکانی رامبۆ،
کتێبێکی زۆر دەکڕم.
واباشترە باسی ئەوە نەکەم.
لە هەموو شوێنێکدا سواڵکەرەکان ڕاکشاون و خەوتوون،
ئەمەیان یەکێکە و لە منداڵ دەچێ،
لە نێوانی سەری و چیمەنتۆی شۆستەکەدا، ئاسنێکی سڕ هەیە.
یادی قاوەی بەشیر دەکەم، برسی و تێنووم.
ئەم کازیوە زەردە تامی لە دەمدا ناخۆشە.

"پاریس" خەریکە هەڵدەستێ و ئیتر من هیچ "ڕۆبینسۆن" ێک نیم،
بەڵکو نامۆییێکم، لەڕاستیدا زۆرلێکراوێکم،
مرۆڤێکم کە نە خەوتووم.
لە کازیوەی پایز دەربەدەری شارم ئەمن.
ڕەنگە ئێستا خۆشەویستەکەم سەرنجی بەرزایی چیایەکانی "پێروو"،
یان ئاسمانی ساماڵی "چین" بدا،
من ئەمە نازانم، پێیەکانم ماندووتر، شەکەتتر دەبن،
ئەمە هەموو شتێکە، ئەمە هەموو شتیکە.

سەرچاوە:
Kubas poeter drömmer inte mer
Stockholm 1969

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com